# لەبارەی عەلمانیەتەوە ... ن: موحسین عەبدولحەمید .. و: عەبدولقادر عەلی .. بەشی یەکەم

## چەمکی عەلمانیەت:

(عەلمانیەت) وشەیەکی وەرگێڕدراوی ناڕاست و نادروستی (سیکۆلاریزم)ـە، ئەم وشەیە لە دوور و نزیک پەیوەندیی بە علیم و زانستەوە نییە، لەبەرئەوەی دەستەواژەی عیلم و زانست لە ئینگلیزی و فەرەنسیدا بە (Science) گوزارشتی لێ دەدرێت و کاتێکیش دەدرێتە پاڵ، دەوترێت (Sciebtfc) وەرگێڕانی دروستی سیکۆلاریزم بریتییە لە نائاینی، دنیایی، نەک عەلمانیەت. لەبارەی ئەم وشەیەوە دائیرەتولمەعاریفی بەریتانی دەڵێت: سیکۆلاریزم (بزاڤێکی کۆمەڵایەتییە، کە ئامانجی وەرگێڕانی ئاراستەی خەڵکیە لە گرنگیدان بە ڕۆژی دوایی بۆ تەنها ئەم دونیایە).

فەرهەنگی (دنیای نوێ)ی لۆستی بەم جۆرە پێناسەی عەلمانیەت دەکات:

1- رۆحی دنیایی، رەوتی دنیاگەری و لەو جۆرە، ئەمە بە شێوەیەکی تایبەت لە رووی تیۆر و پراتیکەوە دژایەتیی باوەڕ و عیبادەت دەکات.

2-ئەو جۆرە بیروباوەڕەیە کە پێی وایە ئاین و کاروباری کەنیسە بۆیان نییە هیچ باس و خواسێك لەسەر دەوڵەت بکەن، بەتایبەت لە بواری پەروەردەدا.

فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد) بەم جۆرە راڤەی (سکۆلار) دەکات و دەڵێت:

1-دنیایی و ماددی، نائاینی نارۆحی، وەکو پەروەردەی نائاینی و مۆسیقای نائاینی و حکومەتی دژ بە کەنیسە.

2- ئەو رایەیە کە پێی وایە ئاین بۆی نییە ببێتە بناغەی ئەخلاق و پەروەردە. (معجم الدول)ی سێیەم لە ماددەی (سیکۆلار)دا دەڵێت:

(رەوتی ژیانە، یان شتێکی تایبەتە لەسەر بناغەی ئەوە دامەزراوە کە ئاین و گوزارشتە ئاینییەکان نەکەونە باس و خواسی حکومەتەوە، یان دەبێت ئەو دەستەواژە ئاینییانە بە مانای وشە لە دەوڵەت و کاروباری دەوڵەت جیا بکرێتەوە، ئەمەش واتە سیاسەتی "نائاینی" تەواوی دەوڵەت دەگەیەنێت و ئەمە سیستمێکی کۆمەڵایەتییە لە ئەخلاق کە لەسەر بنەمای باوەڕ بە بەها و ئەخلاقێك دروست بووە لە ژیانی هاوچەرخ و هاوبەندی کۆمەڵایەتی بە بی گەڕانەوە بۆ ئاین بەهرەگیر دەبێت).

عەلمانیەت لە رۆژئاوادا:

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کەنیسە باڵادەستترین هێز بوو بەسەر ژیانی خەڵکییەوە، بە ژیانی خەڵکی کۆنترۆڵ کردبوو، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە هەناوی خۆیدا چەندین را و بۆچوونی فەلسەفیی جیاوازی لەخۆ گرتبوو، کە دەگەڕایەوە بۆ سەدەکانی رابردوو و کەلەپوری ئیغریقییەکان راکانی ئەرستۆ و بەتلیۆمس، بۆیە فەلسەفەی ئاوێتەبووی لەلا دروست بوو، کە بە فەلسەفەی (مەسیحی) ناسرا، کە لە راستیدا ئەمە تێکەڵییەکی بەرچاوە لە بیرۆدزە ئیغیرقییەکان و خوێندنەوە سەرپێییەکانی قەشە کۆنەکان.

کەی کەنیسە ئەمانەی کردبوو بە بەشێکی دانەبڕاو لە ئاین و بە حەقیەتی ئاینی و ناساندن و نەیاری بوون بەو را و بۆچوونانەی کە شەو بیرمەندە کۆنەکان بە کافری و بێبڕوایی بەوەحی خوایی دەدرایە قەڵەم، لەم بارەیەوە کەنیسە کەوتووەتە هەڵەی پشتشکێنەرە.

1- شێواندن و دەستکاریکردنی (وەحی) تێکەڵاوکردنی بە قسەی مرۆڤەوە.

2- سەپاندنی (وێیە) بەسەر شتێکدا کە هیچ لە بازنەی کاری ئەودا نەبوو، دەرەنجامی ئەم کێشمەکێشەش روونە، ئینکاریکردنی (وەحی) بوو لەلایەن بیرمەند و زانایان و پتۆلانی رۆژئاواوە سەبارەت بەو شتانەی کە لە کتێبە پیرۆزەکاندا هاتبوو، کە بە هیچ جۆرێك عەقڵ و زانست پشتگیریی

لێ نەدەکردن، بگرە لە داخی کەنیسە سەری کێشا بۆ ئەوەی ئینکاریی بوونی (خوا) ش بکەن، ئەمەش ڕێخۆشکەر بوو بۆ دابەشبوونی ئەوروپا لە تێڕوانینیان بۆ ژیان لەنێوان ژیانی ئاینی و ژیانی کاتیدا، بەتایبەتی لە خودی مەسیحیەت ئامادەباشیی ئەوەی تیایە کە خودی ژیان لەگەڵ قەیسەر و خودا دابەش بکات و هیچ سیستمێکی کۆمەڵایەتی و بەرنامەیەکی روونی بۆ ژیان نەبوو.
قەشە (ئۆگستن) لە کتێبەکەیدا "شاری خوا" شار دەکات بە دووبەش "شاری خوا" کە پیاوانی ئاینی تیایدا باڵادەستن و، ئەوەی تر "شاری شەیتان" کە پیاوانی دنیا تیایدا سیاسەتمەدارن، لەوەش زیاتر پیاوانی گەورەی ئاین بوونە سیاسەتمەدار و دیکتاتۆر و لە ژێر پەردەی (ئەکلیرۆس) دا خەیکی سەرکوتکردن بوون و، بوونە ئەو تاوانبارانەی خوێنی فەیلەسوف و ئەدیب و رۆشنفکران و خەڵکی چەوساوەی خۆیان لە کاسە نا، ئەمەش هەر لەبەرئەوەی داوای مافی خۆیان لێ دەکردن، داوای ئەوەیان دەکرد کە لەژێر دەستی دەرەبەگ و سەرمایەدار رزگاریان بێت، کە کەنیسە لەپشتەوە پشتگیرییەکی سەرومڕی لێ دەکردن. بێگومان بیرمەندانی جولەکەش خۆیان فرێدایە ناو ئەم کایە و ئەوانیش کات و شوێنی تایبەت بەخۆیان بە دەرفەت وەرگرت، کە تیایدا بانگەشەی سیستەمێکی دنیایی بکەن، کە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بە خوا و کەنیسەوە نەبێت و، بانگەشەی ئەوەیان کرد کە کەنیسە سەرهەڵنەقورتێنێتە هیچ کایەیەکی ژیانی گشتی، ئیتر لێرەوە بیرۆکەی (عەلمانیەت) لە سەردەمانێکی زووەوە مێژووی ئەوروپای گرتۆتەوە.
فەیلەسوفی جولەکە (سپیۆزا) کە لە سەدەی (17) ی زاینیدا ژیاوە، دەڵێت: ئەو مەترسییەی کە شانبەشانی یەك روو لە ئاین و دەوڵەت دەکات، بریتییە لەوەی کە کەسانێك خەریکی کاروباری ئاینن، مافی ئەوەیان پێ بدرێت کە بڕیار دەربکەن و بەشداریی کاری دەوڵەت بکەن و، بەپێچەوانەوە ئارامیی گەورە لەوەدایە کە تەنها وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە روبەڕوویان دەکرێتەوە، لە وەڵامەکەشیدا تەنها پشت بە کەلەپور ببەستن، کە یەقینی زیاتری تیایە و لای خەڵکیش پەسەندە) .
بەدوای ئەمیشدا بیرمەندە مەسیحییەکان هەمان قسەی ئەمیان دووبارە دەکردەوە، بۆ نموونە (قۆنتین) دەڵێ: (هیچ راستییەك جێگیر و هەمیشەیی نییە، تەنانەت مەسیحیەتش) .
* (جۆج لۆك) بە ئاشکرا لە بەریتانیا داوای جیاکردنەوەی دەسەڵاتی ئاینی کرد لە دەسەڵاتی کەنیسە و، لە نووسەرەکانی (ئینسکلۆپیدیا) نموونەی وەکو (دیدرۆ، ڤۆڵتێر، رۆسۆ) و زۆرێکی تر لە جولەکە و ماسۆنی رۆڵی بەرچاو دەبینن لە هاندانی کۆمەڵگەی ئەوروپی بۆ (بەعەلمانیەت بوون)، دەرنجامی بیروبۆچوونیشیان شۆڕشی فەرەنسای لێ هەڵیرسا، کە ئەمەش لە مێژووی مەسیحیەتدا یەکەم جار بوو کە کۆمارێکی (نائاینی) دامەزرێت و فەلسەفەی حوکمەکەی ئەوە بێت کە (بە ناوی گەلەوە نەك بە ناوی خواوە) و بەرقەراربوونی ئازادیی دینداری نەك بەکاسۆلیك بوون.
ئازادیی باری کەسێتی دوور لە کۆت و بەندی ئاین و دەستوری (وچعی) دوور لە بڕیاری کەنیسە، ئیتر بەم جۆرە دامەزراندنی کۆمەڵگا لەسەر سیستمی (عەلمانیەت) بوو بە داواکاری گرنگی ئەوروپای نوێ، ئەمەش لەلای سەرجەم بیرمەندەکانیان (یۆگەست کۆنت) ی فەرەنسی (فیۆرباخ) ی ئەڵمانی سەدەی (19) و (جۆن دیو) ی و (ئەلبێرکامۆ) و (سارتر) ی سەدەی بیست، بەڵام سێ کەسی جولەکە رۆڵی گەورەیان بینی کە پاڵ بە کۆمەڵگاوە بنێن بەرەو نائاینییەکی توند، ئەوانیش کارل مارکسی خاوەن راقەی مادی بۆ مێژوو، فرۆیدی خاوەن راقەی سێکسی رەفتارەکانی مرۆڤ و دۆکهایم، کە ماددی بوون و ئاژەڵی بوونی مرۆڤ لە بیردۆزی عەقڵی و دەستەجەمعیدا دەخاتە روو.
گوێزانەوەی عەلمانیەت لە رۆژئاواوە و سەپاندنی بەسەر جیهانی ئیلامیدا:
ئەو دەمەی عەلمانیەت لە جیهاندا بەرەوپێش دەچوو لە ئەوروپادا سەنتەری دەگرت، سیستمە دەسەڵاتدارەکان سیستمی (نائاینی) یان لە ژیاندا پیادە دەکرد، ئەو دەمە جیهانی ئیسلامی بەرەو

پووکانەوە و لاوازی رۆڵی شارستانیەت دەچوو، کە بە شێوەیەکی مەترسیدار بوارەکانی ژیانی بەجێ دەهێشت، هۆکارەکانیشی چەقین و دۆگمابوون بوو لە فیکر و تەمبەڵی و جوڵەکردن لە بزاوتن و لاوازیی ماددی و مەعنەوی رووی تێ کردبوو، گۆڕوتینی بیروباوەڕ رووی لە کزی کردبوو، تا ئەوەی نەتوانن بەرچاوڕوونانە بەرپێی خۆیانی پێ ببینن و لاوان لە چەمکە ئیسلامییەکان دروست بوبوو، هەروەك نەزانینی حیکمەتی شەریعەت و وەستانی (اجتهاد) و دەماریگری مەزهەبایەتی و دوورکەوتنەوە لە گیانی (جیهاد) بە زەقی بەرچاو بوون و، زانینی سونەتە خواییەکان لە دروستبوون و رووخانی شارستانیەتەکان و نەزانیی ئەو کەسانەی کە لەگەڵ بیری رۆژئاوا مامەڵەیان دەکرد، کە ئاخۆ ئەم بیر تا چەندە جێگای سود و زەرەرە، رۆڵی کاریگەریان بینی لە دواکەوتوویی و ئامادەباشی بۆ داگیرکردن.

ئەم بارودۆخە مەترسیدارە وای کرد کە دوژمنان چاو ببڕن زەوی بەپیت و سامانی زۆر و جوگرافیای کاریگەری وڵاتانی ئیسلامی تا نەهێڵن ئەو مەخلوقە گەورەیە ـ کەرابوونی ئیسلامیە ـ لە خەو رابێت و داوای ناسنامەی بزری خۆی بکات و بەدوای رەسەنایەتیی خۆیدا بگەڕێت و بە سەرکردایەتیی سیستمی ئیسلامی شارستانیەتێك دامەزرێنێت.

ئەو کەسانەی کە هەوڵی ئەوەیان دا کە دەوڵەتی ئیسلامی گەمارۆ بدەن، کە خۆی بەدەست چەند دەردێکەوە دەیناڵاند، نەخشەیەکی جەهەننەمییان بۆ ساز کرد، بەوەی پارچە پارچەیان کرد و هەندێکیان راستەوخۆ داگیر کرد و هەندێکی تریان خستە ژێر چاودێریی خۆیانەوە، ئیتر ئەودەم هێرشی کۆتاییان ئەنجام دا ئیسلامیان وەکو بیروباوەڕ و شەریعەت و یاسا و ئەخلاق لادا و کەوتنە بانگەشەی جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت، پاساوی ئەم داواکارییەشیان ئەوە بوو کە رۆژئاوا تا دەستبەرداری نەبوو نەیتوانی لە بواری زانستدا پێش بکەوێت بەو جۆرە (ئاین) یان لە (دەوڵەت) جیا کردەوە و ئیعلانی بێ دینیی خۆیان کرد، لەلایەکی ترەوە عەلمانیەت لە چەند رێگای پێچاوپێچی ترەوە خۆی بە جیهانی ئیسلامیدا کرد، کە ئەمەش هەر رۆژئاوا سەرپەرشتیی دەکرد، لەوانە رۆژهەڵاتناسی مژدەدەرەکان، بەدەستەوەگرتنی دامەزراوەی رۆشنبیری و راگەیاندن و دانانی پەروەرەی عەلمانیەت بۆ کەناڵە پەروەردەییەکانی هاندانی بزاڤی شۆڤینی و دەماریگری بۆ بەرگرتن لە بانگەوازی ئیسلامی، ئەمەش لە زۆرترین جومگەکانی مێژوو لە رێگای دەستە و دیپلۆماسییەکان و قوتابیانی خوێندنی دەرەوە و پسپۆڕە سەربازییەکانەوە ئەنجام دراوە، هەروەك لە رێگای کردنەوەی قوتابخانەی (تەبشیری) قوتابخانە بیانییەکان لە وڵاتی ئیسلامیدا کە لە مانەدا هەرچی بیروباوەڕی رۆژئاوا و عەلمانیەتە لە رێگەی فێربوونی زمانەوە فێری قوتابیان دەکرا.

(برنارد لویس) دەڵێت: (لەراستیدا پرۆژەی بەرۆژئاواییکردن کەسانی رۆژئاوا و رۆژهەڵاتی رۆژئاواخواز پێی هەڵدەستان، ئەمەش کاریگەریی خۆی هەبوو لەسەر هەڵوەشاوەیی سیاسی و پارچەپارچەبوونی ناوچەکەی بەدواداهات، ئەمیش بەدوای خۆیدا داڕمانی رۆشنبیری و ئەخلاقیی هێنا).

قەشە (سامۆئیل زۆیمر) کە سەرکۆی دەستە نێردراوە تەبشیرییەکانە، لە کۆنگرەی تەبشیری ساڵی (1935) لە قودس دەڵێت: (بەڵام ئەرکی تەبشیری ئێوە کە نوێنەر و نێردراوی وڵاتانی مەسیحین لە وڵاتی محەمەدیدا ئەوە نییە کە موسوڵمانان بکەن بە مەسیحی، چونکە ئەوە رێزلێنان و هیدایەتدانیانە، بەڵکو ئەرکی ئێوە ئەوەیە کە کەسی موسوڵمکان لە ئیسلامەتی دەربهێنن تا ببنە ئەو مەخلوقەی هیچ پەیوەندییەکیان بە بەها و ئەخلاقەوە نەمێنێت، بۆیە ئێوە بەم کارەتان پێشڕەو و پێشەنگی ئیستیعمارن لە وڵاتانی ئیسلامیدا، ئەوەی کە چەند ساڵی رابردوو کردووتانە دیارە و جێگای دەستخۆشییە، هەروەك سەرجەم وڵاتانی مەسیحی و مەسیحییەکان دەستخۆشیی ئەم کارەتان لێ دەکەن.

برارِیان! لە راستیدا لە سێیەکی سەدەی (19) وە تا ئەمڕۆ توانیومانە لە وڵاتانی ئیسلامی سەربەخۆ و ئەو وڵاتە ئیسلامییانەش کە راستەوخۆ لەژێر دەستی مەسیحیەتدان دەست بەسەر قۆناغەکانی خوێندندا بگرین و لەو شوێنانە خاڵی پەنهانی "تەبشیری"ی مەسیحی و کەنیسەمان تیادا داناوە، بەهەمان جۆر لەو قوتابخانانەش کە ئەوروپی و ئەمریکییەکان سەرپەرشتیی دەکەن کارمان باش دەڕوات و زۆر ناوەند و کەسایەتیمان راکێشاوە و هاوکارمانن، کە ناکرێت ناویان بێنم. ئێوە بەو عەقڵەی خۆتان و بە میکانیزمی خۆتان هەموو ئەو عەقڵانەتان لە وڵاتانی ئیسلامی قەناعەت پێکرد، کە بێنە سەر ئەو رێگەیەی کە خۆتان پێشتر نەخشەتان بۆ کێشابوو.
ئێوە نەوەیەکتان پێ گەیاندووە کە نازانن گویڕایەڵیی خوا واتای چییە و ناشیەوێت بیزانێت، ئێوە موسوڵمانانتان لە ئیسلامی دەرهێناوە و نەشتانکردوون بە مەسیحی، ئیتر ئەو نەوەیەی کە بەرهەمتان هێناوە پڕاوپڕ ئەو نەوەیە کە ئیستیعمار داوای دەکات کە هیچ گرنگی بە دۆزە گەورەکان نادات حەزی لە پشوودان و ئیسراحەت و تەممەڵییە، ئەگەر شتێکیش فێر بێت ئەوا بۆ ئارەزووبازییە و ئەگەر گەورەترین پۆستیشیان بگرنە دەست، ئەوا لە پێناو ئارەزووبازیی خۆیاندا هەموو شتێك دەکەنە قوربانی) .
ئەو کەسانەی کە (زۆیمر) باسیان دەکات و ناویان ناهێنێت، توێژەرە تازەکان بۆیان دەرکەوتووە ئەوانە کۆمەڵێك مەسیحیی عەرەبی دەرچووی زانکۆ و قوتابخانە بیانییەکان بەتایبەت زانکۆی ئەمریکی بوون، ئامانجیان بوو پەیامی ئیسلام نەهێڵن و لە گۆڕەپانی ژیان دووری خەنەوە، ئەو جۆرە کەسانە لە سەدەی (19) وە بانگەشەی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی عەلمانی دەکەن کە هیچ ئایینێکی نەبێت، ئیتر ئەو جۆرە کەسانە رۆژنامە و بڵاوکراوەیان خرایە بەردەست تا رای خۆیانی تیادا بڵاو بکەنەوە، ئەمەش وای کرد نەوەیەك بەدەست فیکر و بیروبۆچوونەکانی ئەو پێرە و مەسیحیەی گیرۆدە ببن، کە بە ئاشکرا داوای جیاکردنەوەی ئاینیان دەکرد لە دەوڵەت.
(د. ئەلبێرت حۆرانی) دەڵێت: (هەوڵ و کۆششی دارِشتنەوەی کۆمەڵگای ئیسلامی بە شێوازێکی تازە ئەوا بیرۆکەی کۆمەڵگەیەکی عەلمانی بەرهەم هێناوە ئیسلام تیایدا قەبوڵ و رێزلێنراوە، نەك هەرئەوەندە بگرە کارایەکی باشە بۆ توندوتۆڵکردنی پەیوەندییە سۆزدارییەکان لەنێوان هاووڵاتیاندا، ئیتر لەوە زیاتر نابێت بکرێتە سەرچاوەی یاسا و رێسای سیاسی، بەڵام نووسەرە مەسیحییەکان ئەوەندەشیان پێ رەوا نەدەبینی، بۆیە ئاقاری فیکرەکەیان بەلایەکی تردا برد. ئەو گۆڤارانەی لە رۆژئاوادا بانگەشەی ئەو جۆرە بیروباوەڕەیان دەکرد، بریتی بوون لە:
* گۆڤاری (الجنان) 1886 بگرس سستانی لە لوبنان دەری دەکرد.
* گۆڤاری (المقتگف) 1876 یعقوب حروف – فارس نمر – دەریان دەکرد.
* گۆڤاری (الهلال) 1892 جۆرجی زەیدان دەری دەکرد.
ئەم گۆڤارانە لە سەرەتای ژیانی نوێمانەوە بە بابەتە جۆراوجۆرەکانی داواکاری ئەوە بوون لێمان کە کۆمەڵگەیەك دامەزرێنین کە لەسەر بناغەی نەتەوایەتی و نیشتمانی بنیاد بنرێت، هیچ جۆرە هاوبەندی (رابگە) یەکی ئاینی تیایدا نەبێت، هەر ئەوە ببێتە بناغەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەك لە دواتردا و لە سەردەمی تازەماندا توانیمان بانگەشەی عەلمانیەت بکەین و لە هەوڵی دوورخستنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتیمان بوون لە رێنوما و بەهاکانی ئیسلام. لە ناوبانگترین ئەو کەسانە:
* فرانسیس مراش (1836 – 1873) دکتۆر بوو، چیرۆکێکی رەمزی نووسی و بوویە مایەی (مەبەستی راستی) کە فیکرەی عەلمانی تیایادا ئاخنیبوو.
* شبلیی شمیل (1850 – 1917) نووسەرێکی مەسیحی سورییە و دەرچووی قوتابخانەی پرۆتستانتی ئینجیلە، ژیانی خۆی تەرخان کردبوو بۆ بانگەشەی عەلمانیەت و دوورخستنەوەی ئیسلام لە دەوڵەت.

* فرح انگوان (1874 – 1922) لە تەرابلوسەوە چووە قاهیرە و بوو بە سەرنووسەری هەندێك گوڤار، لەوانە گۆڤاری (الجامعە) ی بەناوبانگ کە تیایدا بیروبۆچوونی سەرنووسەر کە بێدینی و سەرسامی بوو بە ئەوروپا بڵاوی دەکردەوە.
کتێبی (ابن رشد) ی نووسی کە تیایدا داوای عەلمانیەت و قسە و بوختان بۆ ئیسلام هەڵدەبەستێت، شێخ محەمەد عەبدەش لە وەڵامی ئەمدا کتێبی (الاسلام والنصرانیە مع العلم والمدنیە) ی نووسی.
* (خەلیل غانم) نووسەرێکی مەسیحی مارۆنییە، دوای هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عوسمانی لە ساڵی (1878) لە پاریس نیشتەجێ بوو، خەریکی نووسین بوو.
یەکێك بوو لە سەرکردەکانی کۆمەڵەی تورکیای لاوی عەلمانی ماسۆنی.
*نەجیب عازری: مەسیحییەکی کاسۆلیکی سورییە و خاوەن رۆشنبیرییەکی فەرەنسی بوو.
* ڤێگنیگن زریق: لە مەسحییە ئەرسەدۆکسەکانی دیمەشقە، مامۆستای زانکۆی ئەمریکی بوو لە بەیروت، ساڵی 1939 کتێبێکی دەرکرد کە تیایدا بانگەشەی دەوڵەتێکی نەتەوایەتیی عەلمانیی دەکرد.
* ئەدمۆند دەبات: لە مەسحییە کاسۆلیکەکانی حەلەب بوو، هاودەمی زریق بوو، ئەمیش لە بانگەشەکارانی عەلمانیەت بوو.